کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 22:13بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بارزانی سمبولێک لە نە تە وە پە رستی ... سۆران چاوشین

soranchsh@yahoo. com



وەك ئاشكرایە گەلی كورد لەمێژە دوژمنی زۆر بووە ودۆستی هەر نەبووە ئەمەش وای كردووە میللەتەكەمان هەمیشە هەست بەترس ودڵەڕاوكێ بكات لەبەرامبەر دوژمنانیدا زۆر جارانیش ئەومەترسییانە بوونەتە واقیع ولەلایەن دووژمنانیەوە پەلاماردراون بەڵگەش بۆئەوە سەرهەڵدانی چەندان بزووتنەوەی سیاسی وچەكدارییەو سەرەنجامەكەی كپ كردنەوەی بووە لەلایەن نەیارانی گەلی كوردەوە...

بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆكەی گەلی كورد بەشێوازێك چووەتە پێش كەدووژمنانی زیاتر هەوڵی سەركوتكردنی بدەن ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە بیڵێم سەبارەت بەلێدوانە هەڕەشە ئامێزەكانی بارزانی یە...

بارزانی ئەمەیەكەمین جاری نییە بەزمانی هەڕەشە بەرپەرچی دووژمنانی بداتەوە بەڵكو زۆرجار جەخت كردنەوەی هەڕەشەكانی لەناوخاكی دووژمنانی دا بووە. بارزانی زۆرجار لەسەربناغەی (جام كەپڕ بوو لێی دەڕژێ) كاری كردووەو لێدوانە هەڕەشە ئامێزەكەی ئەم دواییەشی لەبەرامبەر توركە كە مالیستەكان كات وجێگەی خۆی بوو چونكە لەدێرین زەمانەوەیە كەتوركەكان دووژمنی سەرسەختی گەلی كوردبون...

بارزانی زمانی گوڵ و دڕك لەكاتی خۆیدا بەكاردەهێنێ. وەك لاوێكی كورد مەبەستمە ڕونیبكەمەوە كەتەنها بارزانی بووە توانیویەتی لەخەونی بێئاگایی دووژمنانمان بێدارمان بكاتەوە من دڵنیام لەوەی تەنهاخودی بارزانیە دەتوانێت سۆزی نەتەوایەتی لەدڵی گەورەو بچوكی گەلی كوردا بچێنێت. بەكارهێنانی زمانی دڕكی ئەمجارەی بارزانی خۆشەویستیەكی گەورەی لەبەرامبەرخاكی كوردستان و ڕقێكی گەورەشی لەبەرامبەردووژمنان دروستكرد.

بۆیە هەمیشە خۆزگەی ئەوە دەخوازم كەبەڕێزیان زیاتربێتە ناوسەرجەم چین وتوێژە كانی كۆمەڵی كوردەواری ولەڕێگەی كۆڕ و سیمینارو وتارەوە كاربكاتەسەر تاكی كوردو زیاتر بەئاگایان بێنَتەوەو وەك قوتابخانە وفێرگەیەكی فیكری نەتەوەیی لێی سودمەند بین كەبەدڵنیاییەوە ئەمەدەبێتەهۆی دروستكردنی جەندین بەچكە بارزانی (دیارەمەبەستم فیكری نەتەوەییە وەك خودی بارزانی) .. هیچ گومانم نییە لەوەی كەدڵسۆزی ونیاز پاكی كاك مەسعودە توانیوێتی كوردبەم ڕۆژگارەی ئێستاكەی بگەیەنێت ودەنگی پارچەكانی دیكەی كوردستان لەئاست دوژمنان بەرزبكاتەوە بۆیە وەك لاوێكی كورد دەڵێم پێویستە لەسەر ئێمەی گەلی كورد بەگەنج وپیروژن ومنداڵی كوردەوە پاڵپشتی یەكەیەكەی لێدوانەكانی سەرۆك بین وبە ڵێن وئامادەگی وڕووبەڕووبونەوەمان لەگەڵدووژمنانی گەلەكەمان و چونەسەنگەریانەوە بۆبەڕێز كاك مسعود دووپاتبكەینەوە وبەرگری لەخاكی پیرۆزی كوردستانی خۆشەویست بكەین...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.